

گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue S.Con 2024
ID No. 3167 (PP 114-122)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.S.Con.10

توێژینەوە

# ڕۆڵی وەرگێڕان لە بونیاتنان و فەرهەنگسازیی زماندابەرهەممەکانی مامۆستا عەزیز گەردی وەک نموونە

**هاشم امین خدر** / مامۆستا لە بەشی دەرمانسازیی، پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان -سلێمانی،سلێمانی ،هەرێمی کوردستان ،عێراق

## پوختە

بێگومان لەگەڵ گەشەسەندنی زمان و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیادا، وەرگێڕان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. هەندێک جار ئەم کاریگەرییە تا ڕادەیەکی زۆر هێنانە ناوەوەی وشە، زاراوەی نوێ و دەربڕینی بیانی بۆ ناو زمانی وەرگێڕدراو و هەندێک جاریش کاریگەریی لەسەر بونیاتنانی زمانەکە بووە و دەبێت، ئەویش بە هاتنەناوەوەی وشەی قەرزکراو (Borrowing) و وشەی نوێ بۆ ناو زمانەکە و تەنانەت زیندووکردنەوەی بڕێک وشەی خودی زمانەکە کە لەنێو خەڵکیدا بەکارناهێنرێن، هەرچەندە ئەم دیاردە گرنگە هەندێک کەس هەڵوێستی نەرێنییان بەرامبەری هەیە و تەنانەت هەندێک وەرگێڕان بە یەکێک لە فاکتەرەکانی لەناوبردنی زمانی ناودەبەن، بە پێچەوانەشەوە هەندێک بە پرۆسەی چاکسازیی و نوێبوونەوە لە زماندا هەژماری دەکەن، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات کاریگەرییە سەرەکییەکانی دروستکردنی وشە لە زمانی کوردی لە ڕێگەی پەیوەندیی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا هەیەتی، کە بەشێکی بەرچاوی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ڕوودەدات بخاتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا تیشک دەخاتە سەر پرۆسەی پەرەسەندن لە زمانەکەدا و کاریگەرییەکانی وەرگێڕان وەک سروشتی و ئەرێنی هەڵدەسەنگێنێت. هەروەها توێژینەوەکە باس لە تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی دوو ڕێبازی سەرەکیی وەرگێڕان، لە بەرهەمەکانی مامۆستا عەزیز گەردی دەکات، کە لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم وەریگێڕاون و کاری لەسەر کردوون دەکات، واتە ڕێبازە کولتوور ئاڕاستەکراوەکان و ڕێبازە زمانەوانییەکان، ئەم دوو ڕێبازە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە وای لێکردوون بەرەو دوو ڕێبازی جیاواز لەسەر بنەمای زمانەوانی کە بە ڕێبازی زانستی ناسراون، بریتین لە سەرچاوەی ناوەندی، بەکارهێنانی مۆدێل و نەخش و دۆزینەوەکانی لایەنی زمانەوانی لە داهێنانی تیۆرییەکانی وەرگێڕان و دوورکەوتنەوە لە شیکاری وەرگێڕانی ئەدەبی، داهێنان و پەرەپێدانی چەمکەکە لە "هاوسەنگی" و گۆڕینی بۆ ئەو شێوەیەی کە بتوانێت تینوێتیی خوێنەری کورد بشکێنێت. هەروەها کریستیان نۆرد (١٩٧٧)، تیۆریست لە بواری توێژینەوەی وەرگێڕان، بە خستنەڕووی پێکهاتەکانی نمونەی زمانە تایبەتەکەی، پەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگر یان نووسەر و خوێنەری باشتر کردووە. بە پشت بەستن بە میتۆدی وەسفیی-شیکاری، لێکۆڵینەوەکانی ئێستا هەوڵی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە وەرگێڕانێکی مامۆستا عەزیز گەردییە.

CORRESPONDENCE
هاشم امین خدر
Hashm.khdir@kti.edu.iq

پەسندکردن 2024/10/16
بڵاوکردنەوە 2024/11/15

**وشە سەرەکییەکان:**
مامۆستا گەردی،
زمان،
فەرهەنگ و فەرهەنگسازی،
وەرگێڕان،
کریستیان نۆرد

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

### پێشەکی :

بێگومان لە هەموو سەردەمەکاندا زمان و وەرگێڕان پەیوەندییەکی بەرفراوان و بەرامبەرییان هەبووە و وەرگێڕان بە کەڵک وەرگرتن لە زانستی زمانەوانی و ڕەچاوکردنی کۆنتێکستی زمانەوانی لە دروستکردنی پەیوەندییەکی دینامیکی و کۆنکرێتی لەگەڵ خوێنەران، پێشکەوتنی زۆری بەدەستهێناوە. ئەم پەیوەندییە بە جۆرێک دارێژراوە کە بە پشتگوێخستنی زمان و زانستە پەیوەندیدارەکانی، وەرگێڕانێکی لەو شێوەیە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە و بەستەرە بەستراوەکانی بەرەو دورکەوتنەوە دەڕۆن، زمان، وەک لایەنی سەرەکی، دەتوانێت لە ڕێگەی بناغەی پەیوەندی و زمانەوە فۆرمەکانی کولتووری نەتەوەیەک بناسێنێت و تایبەتمەندیی تایبەت بە وەرگێڕەکان فەراهەمبکات.

لەم نێوەندەشدا فەرهەنگ بە گشتی ڕۆڵ دەگێڕێت لە پاراستنی زمان و کەرەستەکانی زمان کە لە فۆنێمێکەوە دەستپێدەکات تا دەگات بە ئیدیەمێک، بۆیە لەم نێوەندەدا ئەوە فەرهەنگە دەتوانێت زمانی زارەکی و دەماودەمی ڕابردووی نەتەوەیەک تۆمار بکات و بۆ نەوەکانی داهاتووی خۆی بگوازێتەوە. بۆیە فەرهەنگ بنەڕەتیترین کارە بۆ پاراستنی زمان و ناسنامەی نەتەوەیەک، لەبەرئەوە کارەکانی مامۆستا گەردی یەکێکن لە باشترین ئەو سەرمایە نەتەوەیی و نیشتیمانیانەی لە پاراستنی کولتوور و زمان و فەرهەنگی زمانی کوردی ڕۆڵیان بینیوە.

### کێشە

یەکێک لە ئاستەنگەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ناتوانرێت، لەم چەند لاپەڕە کەمەدا دەستمان بەسەرجەم بەرهەمەکانی م. گەردی بگات و سامپڵی لێوەربگرین ئەویش لەبەر زۆری بابەتە وەرگێڕان و نووسینەکانییەتی، کە بێگومان هەموویان سەرچاوەی زۆر باشن بۆ کۆکردنەوەی وشەی زمانی کوردی و دەوڵەمەنکردنی فەرهەنگی زمان، بەڵام لەم توێژینەوەدا تەنیا کار لەسەر کتێبی "ئافرەت ڕەگەزی بێکەڵک" لە نووسینی ئۆریانا فالاچییە، کە م. عەزیز گەردی لە زمانی فارسییەوە لە دووتوێی (٢٥٣) لاپەڕەدا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

### ئامانج

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ڕەخساندن و بەرچاورووونی بۆ ئەو زمانەی کە وەرگێڕانی پێکراوە و ئەدەبی پێنووسراوەتەوە، هەروەها دەتوانرێت لە هەوڵەکانی مامۆستا گەردییەوە زمانی کوردی ببێتە خاوەن فەرهەنگێکی فەرمی و لە پاڵ بە فەرمیکردنی زمانی کوردیدا هەنگاو بنێین بۆ بە ستانداردکردنی زمانی کوردی، کە ئەمە ئامانجێکی گەورەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەنگاوی گەورە و نیشتمانی بۆ بنێرت و ئەمەش یەکێک بوو لە خەونەکانی مامۆستا گەردی.

### گرنگی توێژینەوەکە

کەرەستەی توێژینەوەکە پشتدەبەستێت بە شێوازی وەرگێڕانی بەرهەمێکی مامۆستا گەردی کە گەشنامەیەکی ئۆریانا فالاچییە، لە لایەکی دیکەوە گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە کە ڕێبازێکی وەسفی شیکاری پەیڕەوکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە مۆدێلی کریستیان نۆرد مامەڵە لەگەڵ تێڕوانینێکی نوێدا دەکات بۆ ڕۆڵەکانی زمان لە بواری توێژینەوەی وەرگێڕاندا و بە ناساندنی چوار پێکهاتەی زمان (ڕۆڵی ئاماژە، ڕۆڵی دەربڕین، ڕۆڵی ناولێنان، ڕۆڵی سۆزداری) بەشێوەیەکی دیار ڕوونیدەکاتەوە کە، کوالێتی ئەدای وەرگێڕ بۆ ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی پێشوو ڕێنمایی دەکات (صیادانی و هی تر، ٢٠٢٤، ١٤٥) هەندێک لە پێکهاتەکانی مۆدێلی کریستیان نۆرد بریتین لە:

1- ئەرکی ئاماژەیی (١)؛ بەکارهێنانی نیشانە زمانەوانی یان نازمانییەکان بۆ ئاماژەکردنە بە بابەتەکان، دیاردەکانی جیهان یان جیهانێکی دیاریکراو(485 :Nord, 1977) .

2- ئەرکی دەربڕین (٢)؛ ئەرکی نیشانەکانی پەیوەندیی زمانەوانی یان نازمانی بە مەبەستی نیشاندانی هەست یان هەڵوێستی کەسەکە بەرامبەر بە بابەتەکان یان دیاردەکانی جیهان(478 :Nord, 1977) .

3- ئەرکی ناولێنان (٣)؛ بەکارهێنانی نیشانەکانی پەیوەندیی زمانەوانی یان نازمانی بە مەبەستی بەدەستهێنانی وەڵام یان کاردانەوەیەکی تایبەت لەلایەن وەرگرەوە(475 :Nord, 1977) .

4- ئەرکی سۆزداری (٤)؛ بەکارهێنانی نیشانەکانی پەیوەندی زمانەوانی یان نا زمانەوانی بە مەبەستی دامەزراندنی، پاراستن یان کۆتاییهێنان بە پەیوەندیی لە نێوان نێرەر و وەرگر(484 :Nord, 1977) .

زانینی ئەم شێوازانە لە بواری وەرگێڕاندا دەتوانێت یارمەتی وەرگێڕ بدات بۆ ئەوەی وەرگێڕانی داینامیکی و ڕوون و وردتر. مێشک و عەقڵی مرۆڤ وەک ئاڵۆزترین و ڕێکخراوترین سیستەم لە نێو مرۆڤەکاندا بە شیکاری و لێکدانەوەکانیان بۆ ژینگەی دەوروبەر،

پەیوەندیی لەگەڵ هاوجۆرەکان و تەنانەت خەونەکانیش لە کاتی خەوتندا؛ دەتوانێت بە سادەیی وەرگێڕانێکی دینامیکی و ورد لە بەشێکی کەمی چرکەیەک یان ساتێکدا ڕەنگ بداتەوە. (صیادانی و هی تر، ٢٠٢٤، ١٤٥-١٤٧)

**ئافرەت ڕەگەزی بێ کەڵک!**

ئەم ناونیشانەی سەرەوە یەکێکە لە وەرگێڕانەکانی م. گەردی و ناونیشانێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، ڕەنگە هەر بە خوێندنەوەی ڕاستەخۆ بیرکردنەوەیەکی نەرێنیمان لا دروستبکات، بە گشتی ئەم گەشتنامەیەی ئۆریانا فالاچی باسی تێڕوانینی خودی ئافرەت دەکات بۆ خۆیان و دەوروبەریان. "خۆزی بە خۆزیداران لە وڵاتێک لەدایکبوومایە ژن بە سەگیش دانەنێن!! ئێمەی ئافرەت، هەمووەمان مرۆڤی بێکەڵکین" (فالاچی، ٢٠١٢، ٩). سەرچاوەی ناونیشانی گەشتنامەکەی نووسەر لە تێڕوانینی ئافرەتانی ئەو ناوچانەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەشتەکەی تێدا ئەنجامداوە، کۆی چیرۆک و تێڕوانینەکانی نووسەر لە تێڕوانینی خانمان و ئایدیای ئەو وڵاتانە دەکات... بە گشتی تێڕوانینی ڕۆژئاواییەکانە سەبارەت بە ژنانی ڕۆژهەڵات. واتە لە ئیتاڵیاوە بۆ (پاکستان، ئینجا هیندستان، ئەوسا ئەندەنووسیا، پاشان چین، دوایی ژاپۆن و دواتر لاهای) لە لاهایەوە بۆ ئەمریکاو لەوێوە دوبارە ئیتاڵیا، (فالاچی ،٢٠١٢، ١٢). نەریتە سەیرەکانی هەریەک لەم وڵاتانە جێگەی سەرنج و لێوربوونەوەیە بۆ نووسەر، دەیەوێت سەرنج و بۆچوونی سەیروسەمەرەمان لەسەر ئافرەتان بۆ بگوازێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا کار لەسەر چیرۆک و تێڕوانینە جیاوازەکان بۆ گەشتەکەی فالاچی ناکەین، کە هەر خۆی لە کۆتایی گەشتەکەیدا دەڵێت "دوای خولانەوە بە دەوری دونیادا، گەڕامەوە شوێنی یەکەم جارم. لەم گەشتەدا جگە لە دوبارەبوونەوەی یەک ئاوازی ژنان لە دەوری یەک تەوەری کڵۆڵی و بەدبەختی گەمژانە، هیچم نەکەوتە بەرچاو و گەیشتمە ئەم ئەنجامە تفت و تاڵە کە هیچ ژنێ نەیتوانیوە وەکو پێویست، ڕێگای بەختەوەریی ڕاستەقینە لە ڕێگای لابڕ و بەربیار جودا بکاتەوە" (فالاچی، ٢٠١٢، ٢٥٣). لەبەرئەوە لێرە بەدواوە هەڵسەنگاندنی ئەم بەرهەمەی م. گەردی لە ڕوانگەی تێۆرەکەی نۆردەوە دەکەین.

**ئەرکەکانی زمان لە وەرگێڕاندا لە ڕوانگەی کریستیان نۆردەوە**

ئەو کەسانە یان بریکارانەی کە بەشدارن لە کارێدا ڕۆڵ یان ئەرکی تایبەتیان هەیە. ئەم جۆرە ئەرکانە لە ڕێگەی تۆڕێکی ئاڵۆزی پەیوەندییە هاوبەشەکانەوە پەیوەندییان بە یەکەوە دەبێت (نۆرد، ١٩٧٧: ١٣٥)، کریستیان نۆرد چوار ڕۆڵی سەرەکی دەخاتەڕوو بۆ باشترکردنی لێهاتوویی وەرگێڕان، پەروەردە و ڕاهێنانیان لەگەڵ ڕۆڵە لاوەکییە پەیوەندیدارەکاندا. ڕۆڵەکان کە هەریەکەیان بە نۆرە واتاسازیی، خاڵەکان و پەیامە شاراوەکان لە ژێر تۆڕی وشە و دەستەواژەکان و بە تایبەتی ڕستەکان بەپێی بنەما و چوارچێوەی خۆیان و چوارچێوەی دەقی بێکۆتایی بۆ وەرگێڕان ڕوون دەکەنەوە.

**ڕۆڵی ئاماژە**

ڕۆڵی ئاماژەیی تاکە وشەیەک بریتییە لە ئاماژەدان بە بابەت و دیاردەکانی جیهان یان جیهانێکی دیاریکراو، ڕەنگە تەنانەت جیهانێکی ئەفسانەییش بێت. ڕۆڵی ئاماژەیی لە بنەڕەتدا لە ڕێگەی بەهای واتا سەرەکییەکەی بابەتە وشەسازییەکانی ناو دەقەکەدا دەردەکەوێت. ڕۆڵی ئاماژەیی مەیلی ئەوەی هەیە کە ئاماژە بە بابەتەکانی جیهانی ڕاستەقینە یان ساختە بکات. بۆ ئەوەی لە ڕۆڵی ئاماژەیی تێبگەین، پێویستە وەرگر بتوانێت پەیامەکە لەگەڵ مۆدێلێکی دیاریکراوی جیهانی هەبوودا بگونجێنێت. بۆ نموونە لە گەشتنامەکەدا فالاچی باسی وشەی (عیشق) دەکات کە لەنێو ژنان و پیاوانی چیندا بەکارهێنانی قەدەغەیە و ناتوانن ڕووبەڕوو بەرامبەر یەکتر بەکاریبهێنن، لە وەرگێڕانی ئەم گەشتنامەیەدا وەرگێڕ زۆر جوان ئەمەی بە چەندین ئاماژەی جۆراوجۆر وەرگێڕاوە و لە شوێنێکدا باسی ژنێکی چینی دەکات کە بە سیمۆن دوبۆڤوار دەڵێت "شۆڕش ئێمەی لە بەڵای عیشق ڕزگارکرد" (فالاچی، ٢٠١٢، ١٤٣) کە ئاماژەیە بەوەی کە لە چیندا پێش شۆڕش عیشق هەبووە و دوای شۆڕش وەک بەڵایەک لەکۆڵیان بووەتەوە، هەر لەنێو گەشتنامەکەشدا باسی فیلمێک دەکات، کە لە سینەمادا پەخشکراوە، دوای ئەوەی پاڵەوانەکە دەچێت بۆ لای کچە پاڵەوانەکە چەند وشەیەکی عاشقانەی پێبڵێت، دەچێتە بەردەمی و هیچ ناڵێت، تەنیا بە ئاماژەی چاو و گۆرانییەک کە لە فیلمەکەدابوو ئەمە واتاکەی بوو:

**تۆم خۆشدەوێت**

**دەمەوێت بە ڕەزامەندی دایبابت**

**زەماوەندت لەگەڵ بکەم**

نووسەر دەڵێت زۆر پێکەنینم بە ڕووداوەکە دەهات و پێکەنیم و سەیری دەوروبەری خۆمم کرد کەس پێناکەنێت، لە وەرگێڕەکەمم پرسی ئایا هەموو فیلمەکان ئاوان و یەکتر ماچ ناکەن؟ یان لە ژیانی ڕاستەقینەشدا هەروان؟ وەڵامی دامەوە، وتی: بەڵێ لە هەموو فیلمێکدا، هەڵبەت یەکتریش ماچ دەکەن، بەڵام لەبەرچاوی خەڵکی نا، تەنیا ئەگەر هاوسەربن. (فالاچی، ٢٠١٢، ١٤١) وەرگێڕ

بەشێوەیەک ئەم دیمەنانەی ڕەنگرێژکردووە کەوا هەستدەکەیت خۆت بەشێکی لە کاراکتەری نێو گەشتەکە و هەستدەکەیت تۆش لەو گەشتەدایت و چەندین پرسیاری جۆراوجۆرت بۆ دروستدەبێت و دواتر وەڵامەکەیشت بەدەستدەکەوێت.

واتە؛ بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی ئاماژەیی پەیوەستە بە تێگەیشتن لە دەقەکە. کاتێک خوێنەرانی سەرچاوە و مەبەست، هەمان بڕی زانیاری پێشوویان لەسەر بابەت و دیاردەکان کە پێکەوە باسکراون، نەبن، ڕۆڵی وەرگێران کێشە دروستدەکات؛ لەوانە پرسی ڕاستییەکان یان توخمە ڕەسەنەکانی کولتوری سەرچاوە. ( Nord, 1977: 138) بەڵام کاتێک کۆی دەقە وەرگێردراوەکە دەخوێنیتەوە هەستدەکەیت ئەو کێشەیەی کە نۆرد باسی دەکات وەک تیۆرێک لە وەرگێڕاندا چارەسەردەبێت، کاتێک باس لە بابەتێکی تایبەت دەکەین و مەبەستمان گەیاندنی هەندێک چەمکە بە ئامادەبووان، ڕووبەڕووی ڕۆڵی ئاماژەپێدەری زمان دەبینەوە بەو واتایەی کە هەموو توخم و پێکهاتەکانی ڕستەیەک کۆدەکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو بابەتەی لە ژێر گفتوگۆدایە سەرکردایەتی بکەین، گوێگرەکە خۆی درک بەوە دەکات کە مەبەستە بنەڕەتییەکە چییە، ڕەنگە هەریەک لە ئێمە کە کتێبێکی وەرگێڕاو دەخوێنینەوە بیرمان بە لای هیچ کام لە تیۆرەکانی بواری وەرگێڕاندا نەچێت و تەنانەت هیچیشی لێنەزانین، بەڵام درک بەوە دەکەین ئەم وەرگێڕانە لەچاو وەرگێڕانێکی تردا کە خوێندوومانەتەوە جیاوازە، هەر خۆت دەڵێیت ئەم وەرگێڕانە چێژ بەخش نییە یان بە پێچەوانەوە، بۆیە لێرەدا هەست هەم بە توانایی وەرگێڕ هەم تیۆرەکانی وەرگێڕان دەکەیت بە تایبەتی لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا.

## ڕۆڵی دەربڕین

بە پێچەوانەی تایپۆلۆژیای دەقی ڕایس کە تێیدا ڕۆڵی دەربڕین سنووردارە بە لایەنە جوانکارییەکانی دەقە ئەدەبی یان شیعرییەکان، ڕۆڵی دەربڕین لە مۆدێلی (کریستیان نۆرد) ئاماژەیە بۆ هەڵوێستی نێرەر بەرامبەر بە بابەت و دیاردەکانی جیهان. ئەگەر نێرەر هەست یان هەستەکانی تاکەکەسی دەربڕێت (بۆ نموونە بە ئامرازێکی بانگکردن)، ڕەنگە باس لە ڕۆڵێکی لاوەکی سۆزداری بکەین. ئەگەر ئەوەی دەربڕدراوە هەڵسەنگاندنێک بێت (ڕەنگە بۆ بڕیارێکی حکومەت بێت)، ڕۆڵی لاوەکی هەڵسەنگاندن دەبێت. ڕۆڵێکی لاوەکی دیکە دەتوانێت خوازە بێت. ڕۆڵی دەربڕینی گواستنەوەی بازنە، بۆچوون یان هەڵوێستی نێرەر لەسەر بنەمای نموونە و لەسەر بنەمای سیستەمی بەها کە گریمانە دەکرێت هاوبەش بێت لەگەڵ نێرەر و وەرگر. بەو پێیەی سیستەمی بەهاکان بە نۆرم و نەریتە کولتوورییەکان دیاریدەکرێن، ڕەنگە سیستەمی بەهای نووسەری دەقی سەرچاوە جیاواز بێت لە سیستەمی بەهای وەرگری دەقی مەبەست. ئەم تیۆرە بەو مانایەیە کە ئەو ڕۆڵ دەربڕینەی کە لە زمانی سەرچاوەدا دەربڕدراوە، پێویستە لە چوارچێوەی سیستەمی بەهای کولتووری سەرچاوەدا تێبگەین(Nord, 1977: 153) .

دەقە وەرگێڕدراوەکان لەم گەشتنامەیدا دەربڕینەکان بە هەموو شێوەیەک دوورن لەو ئاڵۆزییەی کە خوێنەر لە نێوان نێرەر و وەرگردا زۆر جار دروستدەبێت، بەڵکو هەوڵی داوە کە بەسادەترین شێوە پەیامەکە بگەیەنێت و تەنانەت بیگونجێنێت لەگەڵ بەشێکی کولتووری وڵاتەکەی خۆیدا، تەنانەت مامۆستا گەردی بۆ ئەوەی دەربڕینەکانی ئەوەندە بە خێرایی بگەیەنێتە خوێنەر یان وەرگر هاتووە نەک لە شێوە زارەکان وشە و زاراوەی وەرگرتووە بەڵکو پەنای بردووەتە بەر وشەی ناوچە و زارۆچکەکانی زمانی کوردی، بۆیە ئەمە ڕێک لەگەڵ تیۆرەکەی نۆردا هاوتەریب دێتەوە و ئەوە دەگەیەنێت کە وەرگێڕ بێ ئاگا نییە لەو تیۆرە نوێیانەی کە لە بواری وەرگێڕاندا هەیە. کە یەکێکە لە ئەرکەکانی نیشانەی زمانەوانی، لەوانەش توانای دەربڕینی سۆزداری دۆخی قسەکەر و هەڵوێستی دەروونی بەرامبەر بە شت و دیاردەکان. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ڕۆڵی دەربڕین بەهێزترە لە ڕۆڵی ئاماژەیی (جاکوبسن، ١٩٦٠، ٣٥٠). ڕایس فۆرم و جۆر و شێوازی دەربڕینی نووسەر بە گرنگترین لایەنی دەقە دەربڕینەکان دەزانێت و لەگەڵ ئەمەشدا فۆرمەکە دەخاتە بەردەم ناوەڕۆکەوە، کە پەیوەندیی بە کرۆکی دەقەکەوە هەیە (خەنجان، ١٣٩٧: ١٢٥-١٢٦)؛ بۆیە بەم ئەرکە نێرەر نەک هەر لە ڕێگەی قسەکانییەوە بیرۆکە و مەبەستێک دەگەیەنێت؛ بەڵکو لە ڕێگەی ئەم هەستەوە کرۆک و کرۆکی خۆی ئاشکرادەکات.

لە درێژەی ئەم باسەدا، پێکهاتەی ڕۆڵی دەربڕین بە ئاماژەدان بە چەند نموونەیەک لە گەشتنامەکە ڕووندەکەینەوە: "گەورەترین کارەسات کە بەسەر ژنی چینی هات، بە تایبەتی پیرەکانیان، ئەو کاتەبوو کە دەوڵەت دەستی بە هەڵمەتی دژی نەخوێندەواری لە وڵات کرد. ژن گەورەترین تەگەرەبوون لەبەردەم گەیشتنە چینێکی بێ بەخوێندەوار. نزیکەی ٧٠٪ی ژنان نەیاندەتوانی ئەو (٣٠٠٠) ڕەمزە فێر ببن کە لە زمانی چینیدا بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە پێویستە".

کاتێ فرەژنی پیاو قەدەغەکرا، دەوڵەت نەیدەتوانی زماوەندی فرەژنی پێشوو هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە ئەگەر وایبکردایە یەک دنیا ژن بێ مێرد دەبوون، ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری ژنی چینی بە بێ پیاو دەژین و خۆیان لە پیاو بە گەورەتر دەزانن!! ئەم جۆرە دایکسالارییەکی کۆمەڵایەتی لە چین پەیدابووە کە شتی وا لە ئەمریکادا نییە. (فالاچی، ٢٠١٢: ١٤٧-١٤٨).

لەم قۆناغەدا پاڵەوانی سەرەکیی گەشتنامەکەی فالاچی رۆڵی ئافرەتانە، هەروەها لەنێو بەدواداچوونەکانیدا هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆی دەداتە بینەر و بە خەیاڵکردنی ئەم شتانە، درک بە رۆڵی ئاماژە لە کارەکانیدا دەکات. لەم نموونەیەدا؛ وەرگێڕ مامۆستا گەردی بە هەڵوێستێکی رۆڵئاراستەکراو، هەروەها خستنەرووی کردارێکی پەیوەندیی جێگیر لە نێوان نووسەر و ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە ماوەی گەشتەکەی نووسەردا کراوە، هەوڵدەدات خۆی لە تێکەڵەی گێڕانەوە ڕاستەقینەکەی کۆمەڵگەی چینی لەگەڵ بۆچوونی خۆرئاوایی نووسەر جودابکاتەوە، واتە پێکهاتەی زمانەوانیی ئامانجی دەق و بایەخدان بە توخمە ئەدەبی و کولتوورییەکانی لە وەرگێڕانەکەدا بە تەواوی هەستپێدەکرێت.

## رۆڵی ناولێنان

رۆڵی ناولێنان ("ئیندێکشن" بە زاراوەی جاکۆبسن) کە لەسەر بنەمای هەستیاری یان باری دەروونی وەرگرەکان بەرامبەر بە کردارێکی دیاریکراو ئاراستە دەکرێت، بە شێوەیەک دارێژراوە کە هانیانبدات بە ئاراستەیەکی دیاریکراو وەڵام بدەنەوە. نیشانە ڕاستەوخۆکانی رۆڵی ناولێنان تایبەتمەندییەکانی وەک پرسیارکردنی فەرمان یان نەرێنی؛ هەرچەندە ڕەنگە رۆڵەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە رێگەی جوانکاری یان جوانناسی بەدەستبهێنرێت کە ئاماژە بە رۆڵێکی ئاماژەیی یان دەربڕین دەکەن. (Nord, 1977: 156) بۆیە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە قسەکەر لەبری بەکارهێنانی ڕستەیەکی داخوازی "برۆ پەرداخێک ئاوم بۆ بێنە" یان ڕستەی هەواڵی "زۆر تینووم" بەکاردەهێنێت، گوێگر هەمان کاردانەوەی پێشوو نیشاندەدات، واتە هەست بە ناچاری دەکات کە پەرداخێک ئاو بۆ قسەکەر بهێنێت. (سەفەوی، ١٣٩٢: ٢٥-٢٣). گرنگیدان بە وەرگری پەیامەکە رۆڵی "هاندان" دەهێنێت، کە دیارترین نموونەکانی دەتوانرێت لە دەربڕینە دەنگسازی و داخوازییەکاندا بدۆزرێتەوە، شایەنی باسە؛ جگە لە نوسراو، رۆڵی ناولێنانی زمان دەتوانێت لە سەرواشدا کار بکات و سەرنجی هەستی جوانکاریی خوێنەر یان بینەر ڕابکێشێت.

بۆ نموونە لەو شوێنەی وەرگێڕ لە زاری نووسەرەوە لەبارەی ژنی ژاپۆنییەوە دەگێڕێتەوە "ژنی ژاپۆنی هیچ یاسایەکیان بۆ فرە ژنی و شریتپێچکردنی پێ نەبووە، بەڵام کتێبی یاسای زەماوەندیان هەیە، بە وتەی کۆنفۆشیۆس ئەوەی تێدایە پیاو دەتوانێت بە هۆکاری وەکو بە گوێنەکردن، ئیرەیی بردن، غەیبەت و منداڵ نەبوون دەستبەرداری ژنەکەی ببێت...... لە ژاپۆنیش ژن هەر وەکو چین ژن دەبێت فێری سێ جۆرە گوێڕایەڵی ببێت: گوێڕایەڵی باوک پێش شووکردن، گوێڕایەڵی مێرد دوای شووکردن، گوێڕایەڵی کوڕ دوای مردنی مێرد. (فالاچی، ٢٠١٢، ١٧٧)، بەڵام وردەوردە یاساکان گۆڕان و ژاپۆنیش هەر وەکو ئینگلتەراو ئەڵمانیا ئەم دروشمەیان هەڵگرت "سەنگەری شەڕ بۆ پیاو و کارگە بۆ ژن" لەبەرئەوە ئەم ناولێنانەی وەرگێڕ لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پەیوەندیی ناو و واتای پێکەوە گرێداوە و دەمانخاتە نێو ڕووداوەکانەوە و وێنای کۆمەڵگەی چین و ژاپۆنمان بۆ دەهێنێتە بەرچاو.

## رۆڵی سۆزداری

مەبەست لە رۆڵی سۆزداری بریتییە لە ئاگالێبوون، پاراستن، یان کۆتاییهێنان بە پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگر. ئەم ئامانجە پشت بە شێوازی ئاسایی ئامرازە زمانەوانییەکان دەبەستێت کە لە دۆخێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن. رۆڵی سۆزداری تا ڕادەیەکی زۆر وابەستەی شێوازی ئاسایی فۆرمەکەیە. تا فۆڕمی زمانەوانیی ئاساییتر بێت، کەمتر گرنگی پێدەدەین. تایبەتمەندییەکی دیکەی قسەکردنی سۆزداری ئەوەیە کە زۆرجار جۆری پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگر دەردەبڕێت (فەرمی/نافەرمی، هاوسەنگ/ناهاوسەنگ) (Nord, 1977: 163)، ئەم کارلێککردنە لەگەڵ ئەوی دیکەدا کۆنتێکستێکی لەبار دروستدەکات بۆ بەردەوامبوونی ئەم پەیوەندییە، ئەم جۆرە پەیوەندییە لە نموونەی بابەتیی ڕۆژانەدا دەردەکەوێت (سڵاو کردن و هەواڵپرسین...هتد) بە بڕوای جاکۆبسن ئەم رۆڵەی زمانەکان بریتییە لە گرنگیدان بە هەستی تایبەتی قسەکەر. لەبەرئەوە دەپرسین ئایا بەڕاستی قسەکەر ئەو هەستەی هەیە یان وا خۆی نیشاندەدات کە هەستێکی لەو جۆرەی هەیە؟

کەواتە لە رۆڵی سۆزداریدا هەوڵدەدرێت بابەتە ماناداریەکان زیاد بکات، بەڵام لە رۆڵی ئاماژەدا، هەر جۆرە "فرەواتایی مانا" ڕێگری لێدەکرێت، بۆیە رۆڵی سۆزداری زمان بریتییە لە پەیوەندی نێوان نووسەری کتێبێک و خوێنەرە تایبەتەکەی، جیاوازی رۆڵی سۆزداری و رۆڵی دەربڕینیش ئەوەیە کە رۆڵی سۆزداری دەربڕینی ڕاستەوخۆی هەستی نووسەرە، کە مرۆڤ پاڵنەرە بۆ جۆرێک لە فەرمانکردن، هەروەها رۆڵی سۆزداری بەیانێکە لە لایەنە جوانکارییەکانی هەستی نووسەر لە بەکارهێنانی (ئامرازەکانی بانگکردن، خوازە، رۆڵی لاوەکی هونەری، رۆڵی لاوەکی هەڵسەنگاندن) ڕوون دەکاتەوە و دواتر دەگوازێتەوە بۆ دەقە ئامانجدارەکە.

لەم بەشەی خوارەوەدا زیاتر پێکهاتەی رۆڵی سۆزداری ڕووندەکەینەوە بە خستنەڕووی نموونە لە بەشێکی گەشتنامەکەدا:

ئاخ!.... کچم! دەزانم تۆ ئەمڕۆ بەدوای چ تەرحە کچێکدا دەگەڕێی؟!.... دەتوانی زۆر ژنی جوان و سەردەمانە ببینی، بەڵام هەرگیز ژنێکی بەختەوەر و کۆنیان لەناو نابینیتەوە!

باوەڕم بە هەموو قسەکانی ماری کاونا نەکرد، دەمدی هەموو مرۆڤە بەساڵاچووەکان هەمیشە بۆ ڕابردوو دەگریان، وەک ئەوەی وشەی (دوێنێ) بە مانای باش بێت و وشەی (ئەمڕۆ) بە مانای خراپ بێت، من هیچ گومانم نییە ڕابردووش لایەنی خراپەی خۆی هەیە، بەلای منەوە ئەم داخ خواردنە زیادە بۆ ڕابردوو، شتێکی گاڵتەجاڕییە. (فالاچی، ٢٠١٢، ٢٢٥)

لەم قۆناغەدا، کاراکتەری سەرەکیی چیرۆکەکان کە نووسەر دەیگێڕێتەوە، بە وەبیرهێنانەوەی دیمەنێکی سۆزداری لە ژیانیدا لە کاتی گەشتەکەیدا، پەیوەندییەکی دینامیکی و ئینتیمایی و بەرجەستە بۆ خوێنەر و بینەری زمانی ئامانج نیشاندەدات. مامۆستا گەردیش، بە دەربڕینێکی تارادەیەک هاوسەنگ و کاریگەریی ڕێساکانی ڕێکخستنی بارودۆخی ژیانی و ژنانی ئەو ناوچانە بە شێوەیەک وەریگێڕاوە، لە هەندێک شوێندا گریانت بۆ ژیان و دواکەوتوویان دێت و نازانیت دڵخۆشبیت بە سادەییان یان بگریت بۆ دواکەوتوییان، شوێنکەوتنیان بۆ پیاوان و وەک ئەوەی تەنیا جێبەجێکاری فەرمانەکانی پیاوان بن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هونەری وەرگێڕانەی کە م. گەردی کردوویەتی..

## کاریگەریی وەرگێڕان لەسەر زمان و کولتوور

هیچ گۆڕانکارییەکی گەورەی مێژوویی، هیچ شۆڕشێکی کولتووری و ڕۆشنبیری، تەنانەت هیچ شارستانییەتێک لە دنیادا سەری هەڵنەداوە، ئەگەر هەڵمەتێکی بەرفراوانی وەرگێڕان پێشی نەکەوتبێت. لەوانە شۆڕشی ڕێنیسانس، شارستانیەتی ئەسینا، شۆڕشی ڕووسی سەردەمی زێڕینی ئیسلام، شۆڕشی گەورەی فەڕەنسا، ژیانەوەی ئیتاڵیا، سەرهەڵدانی ناسیونالیزمی عەرەبی و .....هتد، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن.

کاریگەریی وەرگێڕان لەسەر زمان و کولتووری کوردی، بەتایبەتی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، کاریگەریی لەسەر زۆر لایەنی کولتووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان هەبووە. ئەم کەڵچەرە دیدگای نوێی لە ئەدەب، هونەر، نووسینی کوردی، شێوازی نووسین، شانۆ، شانۆنامەنووسی، سینەما و مۆسیقا، هەروەها لە بیرکردنەوەی فەلسەفی، لۆژیک، لێکۆڵینەوەی زانستی و تەنانەت لە داب و نەریت و کولتووری کوردییدا دیدگای نوێی خوڵقاندووە. وەرگێڕان لە بوارەکانی دیکەشدا گۆڕانکارییەکانی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەوانە لە سیاسەت و ئاشناکردنی میللەت بە بیرۆکەی ئازادیخوازانە، نموونەی ئەم کاریگەرییەش ئەو گۆڕانکارییە خێراییەی سی ساڵی ڕابردووە کە لە کوردستان بەدیدەکرێت.

هەروەها لە بواری کۆکردنەوەی وشەی نوێ و زیندووکردنەوەی ئەو وشانەی کە کوردین زۆر بەکارناهێنرێت، بەڵام جارێکی دیکە وەرگێڕ دێت زیندوویان دەکاتەوە ئەمە دەبێتە یەکێک لە سەرچاوەکانی نووسینی فەرهەنگیی زمانێک، بۆ نموونە بەکارهێنانی ئەم وشانە لە لایەن م. گەردییەوە لەم وەرگێڕانەدا (نووکار، مورچاخ، گۆشتی گووزکراو، پەپولەی ئاسنین، قاپ قاپە، کلۆج، .....هتد)، بۆیە لەم ڕوانگانەوە دەتوانرێ ئاماژە بەوە بکرێ، کەرەستەی خاو بۆ لێکۆڵینەوە لە بنچینەناسی و هاوواتاو دژواتای وشە و نزیکایەتیی وشەکان و لێکچوونیان و بەروارکردنیان و گەڕان بەدوای واتای جیاوازیی بەکارهێنانیان فەرهەنگی وشەیە. چونکە فەرهەنگی هەر زمانێك برێتییە لە لیستی ماددە ئاشکراکانی زمان، کە پێویستە هەموو قسەپێکەرێکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم لیستە بۆ تاك بووەتە نیشانەیەکی لەخۆوەیی، نەك بەهەندێ ڕێگە پێشبینی بکرێت، زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتین لە وشە، هەندێکی تریان بریتین لە یەکە گەورەکان وەك ئیدیۆمەکان و هەندێکی تریشیان لە یەکە بچووکەکانی وەك لاگرەکان (ئەحمەد، 2013: 10).

هەرەوها ئاماژەدان بەو وشانەی کە ڕاستەخۆ هاتوونەتە نێو زمان و وەرگێڕانی کوردییەوە و تا ڕادەیەکی زۆر باش شوێنی خۆیان گرتووە و مەردم بە ئاسانی لێی تێدەگەن، وەک گرامافۆن، سینەما، تەلەفۆن، تەلەگراف، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر و پەنسلین.... هتد.

هەرچەندە وشەی بێگانە بەپێی پێویستی دەچێتە ناو زمانەوە و قبووڵکردنی هەندێکیشان حەتمییە. ئەو زاراوە و لێکدانەوەیانەی لە فارسی و فەرەنسی و ئینگلیزییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بوارێکی فراوانیان هەیە و هاتوونەتە ناو هەموو کاروباری زانستی، کلتوری و کۆمەڵایەتی و داب و نەریتییەوە، هەندێک وشە بە شێوەیەکی ڕستەیی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە. ئەمەش هۆکارێکی گشتی هەیە: ئاشنابوون بە دیاردەیەکی نوێ کە مانایەکی نوێی هەیە. بۆ نموونە: دۆزینەوەیەک لە زانستدا: میکرۆب، ڤایرۆس، بەکتریا، خانە، ئۆکسجین، نایترۆجین، ئەتۆم، ئەلکترۆن، پرۆتین، هایدرۆجین.یان دابونەریت و دامودەزگا نامۆکان کە پێشتر یان بە شێوەیەکی تر هاوشێوە نەبوون: بانک، پەرلەمان، کابینە، ڕێستۆرانت، بوفێ، کافێ، هۆتێل، کریسمس، شانۆ، بۆرسە، کۆمیسیۆن، ئۆپۆزسیۆن، فیش، .... هتد، کە هەریەک لەمانە وەرگێڕ زۆر بە ئاسانی بەکاریهێناون و ئێمەی خوێنەریش لێی تێدەگەین و وامان لێهاتووە کە نەگەڕێینەوە بۆ وشەنامەی زمانی کوردی، هەرچەندە "فەرهەنگنووسین لەناوگەلی کورددا لەچاو نەتەوەکانی دیکە مێژوویەکی بەرچاوی هەیە، ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی فەرهەنگنووسی کوردیدا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە

زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی کە لە دوو سەدەی ڕابردودا نووسراون، زیاتر ئەرکی فێرکارییان هەبووە، بەتایبەت لەبواری ئاینیدا، وەك نۆبەهاری ئەحمەدی خانی کە مەبەستی فێرکردنی قورئان و وتەکانی ئاینی ئیسلام بووە. پاشانیش فەرهەنگەکانی دیکەش هەر ئەو وشانەیان لەخۆ گرتووە کە پەیوەندییان بە سروشت و شاخ و داخ و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بەکۆمەڵی کوردەوارییان هەبووە و هەیە (شەریفی، ٢٠٠٧: ١١).

لەبەرئەوە دەکرێت ئەم وەرگێڕانەی م. گەردی و سەرجەم وەرگێرانەکانی تری ببیتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندیی نووسینەوەی فەرهەنگی زمانی کوردی و ببێت بە سەرەتایەک بۆ بنیاتنانی فەرهەنگێکی نیشتیمانی بۆ زمانی کوردی و دەستپێکردنی قۆناغەکانی دروستکردنی زمانی ستانداردی کوردیی.

**دەرئەنجام:**

بەپێی خوێندنەوەمان و شەنوکەو کردنی ئەم بەرهەمەی م. گەردی و تێروانینی لە چوارچێوەی تێروانینی نۆردەوە گەیشتینە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

- گرنگیدان بە هێماکان، بەها کولتووری و ئەدەبییەکانی زمانی بۆ وەرگێڕدراو، هەروەها ڕەچاوکردنی بنەما ڕێزمانییەکانی زمانی ئامانج و جێگرتنەوەی هاوتاکانی بەکارهێنراوی باو بۆ وشە و دەستەواژە و ڕستەکان لە پێناو گەیاندنی پەیامەکانی نووسەردا.

- لە زۆر حاڵەتدا ناڕوونی لە وشە و پەیامی نووسەری ڕەسەندا هەبووە، واتا و ناوەڕۆکی بۆ خوێنەر بارگران کردووە، ئەمەش وایکردووە وەرگێڕەکان پابەندبن بە دوو بنەمای ئاسایی و بنەڕەتییەوە، واتە؛ ڕێز لە بۆچوون و دڵسۆزی بۆ پەیامی دەق بگیرێت. جێی ئاماژەیە لە نێوان ئەو چوار پێکهاتەیەی کە کریستیان نۆرد پێشنیاری کردووە، وەرگێڕ توانای لێهاتوویی خۆی لە گواستنەوەی هەستی نووسەری سەرەکی بۆ دەقی ئامانج تەنیا لە پێکهاتەی ڕۆڵی ناولێنان و لە پەیوەندی لەگەڵ پێکهاتەی ڕۆڵی سۆزداریدا نیشانبدات.

- ئەم بەرهەمەی مامۆستا گەردی هاوشێوەی سەرجەم بەرهەمەکانی تری دەتوانێت سەرچاوەیەکی زۆرباش بێت بۆ بنیاتنان و نووسینەوەی فەرهەنگی زمانی کوردی و ئەو وشانەی لێهەڵێنجرێت و بکرێتە کەرەستەیەکی خاوی فەرهەنگی زمانی شیرینی کوردی.

* کریستیان نۆرد لەدایکبووی ١٩٤٣یە، لە زانکۆی هایدلبێرگ وەرگێڕانی خوێندووە (B.A. Honors, 1967)؛ لە ساڵی ١٩٦٧ەوە لە زانکۆکانی هایدلبێرگ، ڤیەننا، هیلدێشایم، ئینسبروک و ماگدێبورگ (١٩٩٦-٢٠٠٥) وانەی وەرگێڕان دەڵێتەوە.

[1]. Referential function

[2]. Expressive function

[3]. Appellative function

[4]. Phatic function

**سەرچاوەکان:**


- ئەحمەد، تریفە عومەر (2013)، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

- خانجان، علیرضا. (1397). الگوی پیشگامانه رایس برای نقد ترجمه. *فصلنامه مترجم*، 27(66)، 125-124.

- شەریفی، فەرشید (2007)، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، سەردەم، سلێمانی.

- صفوی، کورش .(1392). *معنی‌شناسی کاربردی*. چاپ دوم. تهران: انتشارات همشهری.

- صیادانی و هی تر، نقش زبان در دو ترجمه رضا عامری و عطاءالله مهاجرانی از رمان موسم الهجرة إلى الشمال بر اساس دیدگاه کریستین نورد پژوهش های ترجمه در زبان و ادبیات عربی

- دوره 13، شماره 28، فروردین 1402، صفحه 144-101

- نوینویسندگان: علی صیادانی؛ سامان رحیم خانی؛ سمیه آقامحمدی

- نورد، کریستین .(1396). *ترجمه فعالیتی هدفمند با توضیح نگرش‌های نقش‌گرا*. ترجمه مژگان سلمانی. چاپ اول. تهران: نشر اسم

- نۆرد ١٩٧٧ چاپی دووەمی، لەم ماڵپەڕانەوە کتێبەکانی بەشێوەی ئۆنلاین بەردەستن. (Nord, 1977)

**ماڵپەڕەکان:**


- https://www.scribd.com/document/54312202/christiane-nord
- https://books.google.iq/books?id=HaHTZ2IxIX4C&printsec=frontcover&source=gbs_ge_summary_r&cad=0#v=onepage&q&f=false
- Jakobson, R. (1960). Linguistics and Poetics; in Thomas A. Sebeok (ed) Style in Language.

**دور الترجمة في بناء اللغة والمعجمأعمال عزيز گردى نموذجا**

**هاشم امين خدر**

معهد كوردستان التقني – السليمانية، السليمانية ،أقليم كوردستان،العراق

Hashm.khdir@kti.edu.iq

**الملخص**

بالطبع ومع تطور اللغة وتقدم التكنولوجيا لعبت الترجمة دوراً كبيراً، وأحياناً يكون هذا التأثير راجعاً إلى حد كبير إلى إدخال كلمات ومصطلحات وتعابير أجنبية جديدة إلى اللغة المترجمة، وأحياناً أخرى تؤثر على بنية اللغة، وذلك من خلال استعارة كلمات جديدة وحتى إحياء بعض كلمات اللغة نفسها، ورغم أن البعض ينظر إلى هذه الظاهرة المهمة نظرة سلبية، بل إن البعض يسمي الترجمة أحد عوامل تدمير اللغة، إلا أن البعض على العكس يعتبرها عملية إصلاح وتجديد في اللغة، وتقدم اللغة الكردية من خلال علاقاتها مع اللغات الأخرى، والتي يحدث الكثير منها من خلال الترجمة، مع تسليط الضوء على عملية التطور في اللغة وتقييم آثار الترجمة بأنها طبيعية وإيجابية. كما تناقش الدراسة الخصائص المميزة لمنهجين رئيسيين للترجمة في أعمال عزيز كردي التي ترجمها وعمل عليها في العقد الأخير من القرن العشرين، وهما المنهجان الموجهان ثقافيا والمنهجان اللغويان، ويعتمدان على علم اللغة المعروف بالمنهج العلمي، ويتضمنان المصادر المركزية، واستخدام النماذج والأنماط والنتائج اللغوية في اختراع نظريات الترجمة وتجنب تحليل الترجمة الأدبية، واختراع وتطوير مفهوم "التوازن" لكسر الكرد. كما قام كريستيان نورد (1977)، وهو منظّر في دراسات الترجمة، بتحسين العلاقة بين المتكلم والمستمع أو الكاتب والقارئ من خلال عرض مكونات عينة لغته الخاصة. ويحاول البحث الحالي، استنادا إلى المنهج الوصفي التحليلي، نقد وبحث ترجمة عزيز كردي.

**الكلمات المفتاحية:** د. كردي، اللغة، القاموس والمعجم ، الترجمة، كريستيان نورد

## The Role of Translation in Language Construction and Lexicography
## Aziz Gardi's Works as an Example

**Hashim Amin Khadr**
Lecturer at Kurdistan Technical
Institute/Sulaimani
Master of General Linguistics
Hashm.khdir@kti.edu.iq

**Abstract**

Of course, with the development of language and the advancement of technology, translation has played a significant role. Sometimes this effect is largely due to the introduction of new words, terms and foreign expressions into the translated language, and sometimes it affects the structure of the language, by borrowing new words and even reviving some words of the language itself Although some people have a negative attitude towards this important phenomenon and some even call translation one of the factors of language destruction, on the contrary, some consider it a process of reform and renewal in language It presents Kurdish through its relationships with other languages, much of which occurs through translation, while highlighting the process of development in the language and evaluating the effects of translation as natural and positive. The study also discusses the distinctive characteristics of two main translation approaches in the works of Aziz Gardi that he translated and worked on in the last decade of the twentieth century, namely culturally oriented approaches and linguistic approaches Based on linguistics, known as the scientific approach, they include central sources, the use of linguistic models, patterns and findings in inventing translation theories and avoiding literary translation analysis, inventing and developing the concept of "balance" to break the Kurds. Christian Nord (1977), a theorist in translation studies, has also improved the relationship between speaker and listener or writer and reader by presenting the components of his particular language sample. Based on the descriptive-analytical method, the current research attempts to criticize and research a translation by Aziz Gardi.

**Keywords**: Dr. Gardi, Language, Dictionary and lexicography, Translation, Christiane Nord